Social Security Scotland
Tèarainteachd Shòisealta Alba

# برە پارەی گەرمکردنەوە لە زستاندا Winter Heating Payment

**برە پارەی گەرمکردنەوە لە زستاندا چییە؟**

ئەوە برە پارەیەکە بەبڕی 58.75 پاوەن بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی کە هەندێک دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ی دیاریکراو وەردەگرن کە دەشێت پێداویستی گەرمکردنەوەی زیاتریان هەبێت لەماوەی زستاندا.

ئەوە ساڵی جارێک دەدرێت و ئەگەر کەسێک شیاو بێت ئەوا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی برە پارەکە وەردەگرێت.

ئەوە جێگەی برە پارەی کەشوهەوای سارد دەگرێتەوە لە بەشی کارو خانەنشینییەوە بۆ خەڵک لە سکۆتلەند. بەپێچەوانەی برە پارەی کەشوهەوای ساردەوە، ئەوە پشت بەوە نابەستێت کە پلەی گەرمی چەندە نزم دەبێت.

**ئەوە چەند زوو زوو دەدرێت؟**

ئەوە برە پارەیەکی ساڵانەیە بۆ کەسانی شیاو

**کێ برە پارەی گەرمکردنەوە لە زستاندا وەردەگرێت؟**

شیاوبوون هەر وەک ئەوەی برە پارەی کەشوهەوای سارد وەهایە.

ئەو کەسانە دەبێت هەندێک دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ی شایستە وەربگرن و مەرجەکانی ئەوانەیان تێدا بێت لە لانی کەم 1 ڕۆژ لە ماوەی هەفتەیەکی شایستەدا.

**دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ـە شایستەکان ئەمانەن:**

- یونیڤێرسەڵ کریدت Universal Credit
- پارەی خانەنشینی Pension Credit
- پشتگیری دەرامەت Income Support
- دەرماڵەی کاردۆزینەوە لەسەر بنچینەی دەرامەت Income-based Jobseeker's Allowance
- دەرماڵەی پشتگیریی کاردۆزینەوەی پەیوەندیدار بە دەرامەتەوە
- پشتگیری بۆ سوودی مۆرگێج

هیچ مەرجێکی تایبەت لەئاردا نییە بۆ پارەی خانەنشینی. ئەگەر نەفەرەکە پارەی خانەنشینی وەربگرێت، ئەو شیاوە بۆ برە پارەی گەرمکردنەوە لە زستاندا.

لیستی تەواوی مەرجە زیاترەکانی هەر یەک لە دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ـەکان دەکرێت لەسەر ئینتەرنێت ببینرێتەوە لە **mygov.scot/winter-heating-payment/eligibility**.

**ئایا خەڵک پێویستە داوا پێشکەش بکەن؟**

زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی کە شیاون ئەم برە پارە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وەردەگرن و پێویستییان بەوە نییە کە داوای بکەن.

ئەو کەسانە نامەیەکیان لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەندەوە بەدەست دەگات بۆ ئاگادارکردنەوەیان کە ئەوان شیاون بۆی.

ئەگەر کەسێک برە پارەی گەرمکردنەوە لە زستاندای بەدەست نەگات و پێم وەها بێت کە شیاوە بۆی، دەبێت بەبێ بەرامبەر پەیوەندیمان پێوە بکات بە ژمارە 2222 182 0800 یان لەڕێگەی پڕکردنەوەی فۆڕمێکی داخوازی برە پارەی گەرمکردنەوە لە زستاندا کە دەکرێت لەسەر ئینتەرنێت دەست پێی ڕابگات لە **mygov.scot/winter-heating-payment-request-form**.

**mygov.scot/winterheating**

پەڕەی زانیاری

**خەڵک چۆن دەزانن ئەگەر شایستە بن بۆ ئەوە؟**

ئەو کەسانە نامەیەکیان بەدەست دەگات بۆ ئاگادارکردنەوەیان کە ئەوان شیاون بۆی.

**برە پارەکە کەی دەدرێت؟**

برە پارەکە ساڵی جارێک دەدرێت. برە پارەی زستانی 2025-2024 لە ناوەڕاستی مانگی دیسێمبەری 2024 دا دەدرێت.

**برە پارەکە چۆن دەدرێت؟**

ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند بە شێوەیەکی ئاسایی برە پارەکە دەخاتە سەر ئەو ئەژمێرەی کە لەلای ئێمە تۆمار کراوە.

**ئایا خەڵک پێویستە لەسەریان بەڵگە یان پسووڵە فەراهەم بکەن؟**

نەخێر، نەفەرەکان پێویست ناکات ئەوە نیشان بدەن کە برە پارەکەیان چۆن سەرف کراوە.

**ئەی چی دەبێت ئەگەر کەسەکە لە دەرەوەی سکۆتلەند بژی؟**

یەکێک لە مەرجەکانی شیاوبوون ئەوەیە کە ئەو کەسەی کە برە پارەکە وەردەگرێت دەبێت بۆ ماوەی لانی کەم 1 ڕۆژ لە ماوەی هەفتەی شایستەبووندا لە 10-4 ی مانگی یازدەی 2024 دا لە سکۆتلەند ژیابێت.

ئەگەر کەسێک لەماوەی هەفتەی شایستەبووندا لە سکۆتلەند ژیابێت بەڵام ئێستا لە بەشێکی تری شانشینی یەکگرتوو دەژی، ئەو لەوانەیە شیاو بێت بۆ برە پارەی گەرمکردنەوە لە زستاندا.

**ئایا کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە داوای دووبارە یەکلاییکردنەوە یان تانەدان بکات؟**

بەڵێ. خەڵک دەتوانن داوا لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند بکەن بۆئەوەی جارێکی تر بە بڕیارەکەیاندا بچنەوە.

**ئایا ئەو برە پارانە کاریگەری لەسەر دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ی دیکە دادەنێن؟**

نەخێر، ئەوانە بۆ مەبەستی هەڵسەنگاندنی دەستگیرۆیی (بەنەفێت) و تاکس کردیتی شانشینی یەکگرتوو ئەژمێر ناکرێن.

خەڵکێکی زۆر خەمی تێچووی ژیانیانە. تۆ بەتەنها نیت. بۆئەوەی بزانیت تۆ دەشێت بۆ چ یارمەتییەک شیاو بیت، تکایە سەردانی ئێرە بکە **gov.scot/costoflivingsupport** یان سەردانی ستیزن ئەدڤایس Citizens Advice Bureau بیرۆی ناوچەکەت بکە.

**خەڵک چۆن دەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن؟**

بەبێ بەرامبەر تەلەفۆنمان بۆ بکە: 0800 182 2222

خزمەتگوزاری ناردنی نامە: 4000 244 0300+ 18001 (بۆ ئەوانەی کە گوێیان گرانە)

بەکارهێنەرانی زمانی ئاماژەی بەریتانی: contactscotland-bsl.org

وێبچات: chat.socialsecurity.gov.scot

فۆلۆی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند
Social Security Scotlandبکە